### بەیانی ڕیکخراوی ئازادی ژن سەبارەت بە :

## ڕاگەیاندنی مەرجەعیەتی شیعی بۆ دەستورێکی ئیسلامی بۆ عێراق

ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق بە رقو توڕەییەکی زۆرەوە، هەواڵی ڕاگەیاندنی مەرجەعیەتی شیعی لەعێراق سەبارەت بە دانانی دەستورێکی ئیسلامی دائم، وەرگرت. ئەو لایەنە ئیسلامیانە لەکاتی گەیشتنیانەوە بۆ مەجلیسی حوکم، هەولی زۆریان دا، کە یاساکانی ئیسلامی بسەپێنن بەسەر ژناندا، لە پڕۆژە بەدناوەکی یاسای 137 دا کە هەوڵیدا یاسای ئەحوالی شەخسی رژێمی بەعسی فاشی هەلبوەشێنێتەوەو لەجێگایدا یاساکانی ئیسلام دابنێت، هەولێك بوو کە خەریك بوو قور بکات بەسەر ئەو مافە کەمانەی ژنان کە لەو قانونەدا هاتبونو بیانگۆرێت بۆ یاسایەکی ئیسلامی.

هەولێ دا بۆنەی رۆژی جیهانی ژن بگۆرێت بۆ رۆژی لەدایك بونی فاتیمەی زەهرا، وەك قیبلەکەیان لە ئێران.

لەکاتی هاتنی ئەم هێزانەو خۆسەپاندنیان بەسەر چەند شارێکی عێراقدا،دادگایی شەرعیان سەپاندوە بۆئەوەی مامەڵەی ژنان  وەك ئینسانی پلە دوو وە هەلاواردنی جنسی پیادەبکەن بەشێوەیەکی زەق.

جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە عێراقدا، مانای ، چەند ژنەیە، کوشتنی ژنانە، بەردبارانی ژنان، بەشودانیکچان لە تەمەنی 9 ساڵیدا، وسەپاندنی هەیبەتی پیاوان بەسەر ژنانداو قەدەغەکردنی مافە مەدەنیەکان لە ژنان بەبێ رازیبونی ولی الامر، حیجابی ئیجباری، و جیاکردنەوەی جنسی، مەحروم کردنی ژنان لە وەرگرتنی پۆستی بەریوەبردنو دادگاو سەرۆك کۆمار.

تەجروبەو ئەشکەنجەکان کە خوشکانمان چەشتویانە لە ئێرانو سعودیەو ئەفغانستانو سودان، هەموو ئەو شوێنانەی کە دەستی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی گەیشتۆتێ، هیچ مانایەکی نیە، جگە لە مامەلەکردنی ژنان وەکو ئینسانی پلە دوو. ئیسلام پای لەسەر ئەوە وەستاوە کە ژن" کەم عەقلە".

ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، لە رۆژی ڕوخانی رژێمی بەعسەوە، داوای دەولەتێکی سکولارو یەکسانخوازمان کردوە لەعێراق، وە پیوێستی جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو یاساکانو خوێندنو پەروەردە و بەحساب هێنانی دین وەك ئەمری تایبەتی تاکەکان، پێویستی جێبەجێکردنی یاسا مەدەنیەکان کە بە یەکسانی مامەلەی هەموان دەکات.

ئێمە رەفزی داوای مەرجعیەتی شیعی لە عێراقدا دەکەین، وە خەباتی خۆمان پەرە پێدەدەین لە عێراقو دەرەوە لەپێناو دەستورێکی سکولارو یەکسانیخوازدا لە عێراق.

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق**

2005/2/7